www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 16:49 16-7-2006

# پەتەکە ترازاوە! ... چاودێرێک

حاڵی حازر دەنگێكی نارەزایی بەرفرە لە هەمبەر كارە نەشیاوو ناپەروەردەییەكانی بەرپرسان هەیە.. ئەم نارەزاییە بەجۆرێك سەدای داوەتەوە، كە تەنانەت قوتابییەكی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەرێزدا (نوكتە) لەسەر بەرپرسێك دروست بكات و هاورێكانی قاقا لێبدەن.. چەند رۆژێك لەمەوبەر هەریەك لە سلێمانی و چوارقورنەو رانیەو جارێكی تر كەلار ئالۆزی بەخۆوە بینییەوە.. لە چوارقورنە هاووڵاتیان بەكارەبایانەوەدا.. لە جیاتی ئەوەی كارەبا بیانگرێ، ئیدارەی سلێمانی گرتنی..
لە كەلار قائیمقام لێدوانیدا، كە منیش لە پێشەوەی مانگرتنم.. لە هەڵەبجە مەپرسە.. كە چۆن دەنگی نارەزایی دەگەیەنن.. پەتەكە ترازاوە.. تەنها ئەوەندە بەسە كە رێكخەری خۆپیشاندانەكان لە چوارچێوەی گروپی فشاردا خول بخۆن و .. فشار لەسەر دەزگاكان دروست بكەن.. رەخنەكە گەیشتووەتە ئەوەی كە جێگری سەرۆكی حكومەت كارەبا تایبەتییەكەیماڵی خۆی ببرێ.. چونكە لەبەرنامەی چاوی سێیەم بەرپرسێك بە تەوسەوە بەوەڵامی برینی كارەبای ماڵەكانیاندا، گوتی: كە دەچمە دەرەوە كارەباكەم دەكوژێتەوە..
هەروا پاكانەكانی سەرۆكی شارەوانی سلێمانیش جۆرێك لە پاڵنەری تیابوو.. كە دەشێ لە داهاتوودا رەنگدانەوەكانی دەركەوێ.. وەزیری ناوخۆش دەڵێ ماوەی پێنج مانگە چوومەتە ماڵی خۆمەوە.. كاتێ پاكانەی بەرپرسەكانی تر هاتووە.. بۆ كەمكردنەوەی بێزاریی و توورەیی هاووڵاتیان لە هەمبەر كارەكانیان..
یەك ئیدارەیی.. رەوشەكەی زیاتر ئالۆزكردووە، وەك دەڵێین فەرمانگەكانی حكومەت هیچیان بەسەر هیچەوە نەماوە.. لایەنی پەیوەندیدار سەردانی هیچ جێگەیەك ناكات تەنها خەریكی پێشوازیكردنن لەرێكخراوە كارتۆنی و هەیكەلە سوارەكان.. پێكەوە مۆز دەخۆن قسە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەكەن نەك بەرژەوەندی گەل و نەتەوە.. ئەوان لە دیدارەكاندا دەڵێن "بەقەد تەمەنی تۆ پێڵاومان بە شاخەوە دراندووە.. ئێستا تۆ رەخنەمان لێدەگری".. "تۆ لەكوێ بووی كاتێ ئێمە خوێنمان دەرشت؟" رەنگە ئەمە بەشێكی راست بێ بەڵام ئەوە ناكاتە ئەوەی كە ببینە توترك بەگیانی نەتەوەی نوێوە بدەین!!